# بانگەوازێك لە مەكتەبی سیاسیی YNDK

# بۆ سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەكانی كوردستان

- جەماوەری دڵسۆز و خۆڕاگری كوردستان...
- حزب و رێكخراو و لایەنە سیاسییەكانی كوردستان ...

بەهۆی كێشە ناوخۆییەكانی نێوان لایەنە سیاسییەكان، بارودۆخەكە هەستیار بووە و كێشەكان زیاتر قوڵبوونەتەوە و، حكومەتی عێراق لەرێگەی دادگای فیدراڵ و بڕیارەكانیان دژ بە باشووری كوردستان فشار دەخەنە سەر حكومەتی كوردستان و وورده وورده دەسەلاتەكانی بەرتەسك دەكەنەوە و وڵاتانی ئەقلیمیش بەشێوازی جۆراوجۆر دژایەتی كوردستان دەكەن و بەردەوام كێشەی بۆ دروست دەكەن لە رێگەی تۆبارانكردن و هێرشی فرۆكەی بێ فرۆكەوان و مووشەكبارانكردنی بنكە و بارەگاكانی پارتەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان و بەزاندنی سنووری باشووری كوردستان، ئەمانە هەمووی بارودۆخێكی سەختیان بۆ باشوور كوردستان دروستكردووە، لەلایەكی دیكەوە نالەباری ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان و دواكەوتنی مووچەی فەرمانبەران و چاوەڕێكردن تا بەغدا خێرەك بە فەرمانبەران بكات و ئینجا مووچەیان پێدەدرێ، هەروەها زەقكردنەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی و دژایەتی و چارەسەرنەكردنی كێشەكانی نێوان هەردوو لایەنی دەسەڵات و فشاری نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و رێكنەكەوتنی لایەنەكان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و بەحزبیكردنی كایەكانی دەسەڵات و دووركەوتنەوەی دەسەڵات لەجەماوەر و ئامادەنەبوونی هەندێ لایەن بۆ دیالۆگێكی راستەقینەی نیشتمانی و وەلاوەنانی بەرژەوەندییە حزبیەكان، بارودۆخەكەی زیاتر دژوار و ناهەموار كردووەو بووەتە هۆی تەمی رەشی سیاسەت و ناروونی دوارۆژی ئەزموونەكەمان، لە رەوشێكی وادا بێگومان دوژمنان و داگیركەران هەمیشە لە كۆبوونەوە و لەسەنگەردا دەبن بۆ لەباربردنی ئەزموونی باشووری كوردستان.

ئەم ناروونی و قوڵبوونەوەی كێشە و قەیران و دژواری ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان و فەرمانبەران، پێویستی بە هەڵوەستە لەسەركردنە، بۆیە پێویستە بەهەموو لایەكمان ئەم بارودۆخە پڕ مەترسییە بەهەند وەربگرین و كێشەكان راشكاوانە دەستنیشان بكەین و بەگیانێكی كوردستانییانە هەوڵی چارەسەركردنیان بدەین.

ئێمە لە یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان YNDK لەروانگەی باوەڕبوونمان بە گەل و كیان و سیاسەتی كوردانەی كاركردنمان بۆ بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی و كوردستانی، جەژنی قوربان بەدەرفەتێك دەزانین كەوا سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەكان ئەوانەی لەناو حكومەتن و ئەوان لە دەرەوەی حكومەتن لەسەر ئاستی كەسی یەكەم و مەكتەبی سیاسیی پارتەكان كۆبوونەوەیەكی فراوان ساز بكەین و بەشێوەیەكی جدی لەجیاتی ئەوەی فشاری نێودەوڵەتی لەیەكمان نزیكبكاتەوە با خۆمان هەست بە بەرپرسیارییەتی مێژوویی بكەین و هەموو كێشە و گرفتەكانی نێوانمان بخەینە لاوە و لاپەڕەیەكی نوێی پەیوەندی و كاری بەكۆمەڵی حزبەكان بەیەكەوە بكەینەوە و كار بۆ هەڵبژاردن و پێكهێنانی حكومەتێكی تەكنۆكرات بكەین كە دەسەڵاتی بەسەر تەواوی باشووری كوردستان هەبێت و حكومەتی هەموو خەڵكی كوردستان بێت و، هەروەها پێویستە هەموو لایەكمان هاوكاربین بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بكەینە یەك هێزی بەرگری و كۆڵنەدان، بەم شێوەیە دەتوانین كۆتایی بەهەموو نەهامەتییەكان بهێنین و عەدالەتی كۆمەڵایەتی و یەكسانی و خۆشگوزرانی بۆ تەواوی گەلی كوردستان و فەرمانبەران بهێنینە كایەوە و، ئایندەی وڵات مسۆگەر بكەین و، پشت بەجەماوەری خۆڕاگری خۆمان ببەستین و كوردستان ئاوەدان و پارێزراو بكەین.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێی ئازادی و سەربەخۆیی كوردستان.
- مردن و رووڕەشی بۆ دوژمنان و داگیركەرانی كوردستان.

**مەكتەبی سیاسیی**

**یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستانYNDK**

**1 / 7 / 2023ی زایینی**